# قەندیل بەغدا یان هەڵبجە و ئەنفالی هەژاند ؟؟؟؟

عەلی مەحمود محەمەد

پێشکەشە بەهەموو ئەوانەی بوونە قۆچی قوربانی لە کارەساتە کۆمەڵ کوژییەکان و  شەڕی ناوخۆیی .

مەلا ناصیح ووتی:((کاك ڕەسوڵ پێشمەرگە لە شەڕی ناوخۆ لەسەر تۆ خۆی بە کوشت دا وە لە هەکاری کۆمەڵێکیان بە کوشت دا هەروەها لە شەڕی یەکێتی لە ساڵی 1979 تا 1985 کۆمەڵێکی زۆرتان بە کوشت دا ئەوەی لەشەڕی ڕژێم شەهید بووە لە پێناو حزب و کوردا ئەوەی لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بووە لە پێناو قیادەی حزب بە تایبەتی شەخسی کاك ڕەسوڵدا شەهید بوون ) . وەك خۆی لە پەرتووکی ڕۆژمێری پێشمەرگەیەکەوە – ل 235–بەرگی سێیەم سلێمانی 2001, محەمەد حاجی مەحمود .

هەرچەندە پەرتوکی قەندیل بەغدای هەژاند لە شێوەی یاداشتی سیاسی نوسراوەتەوە , بۆیە لە شێوەدا سادە دێتە بەر چاو , بەڵام لە ناوەڕۆکدا گەوهەرێکی بە  بایەخە , ئەم شێوە نوسینانە ئەگەر خاوەنانی ڕاستگۆ بن  وەك ڕێباز , بە جورئەتەوە یاداشت و بیرەوەرییەکانییان بخەنە سەر کاغەز , ئەوە لە داهاتوودا دەسەڵاتداران ناتوانن بە ئارەزوی خۆیان مێژوو بنوسنەوە , چونکە ئەو دەنگە ڕاستگۆیانە, کە شایەد حاڵی مێژوی کارەساتەکانن  , دێنە وەڵام و دەبنە سەرچاوەی باوەڕ پێکراو بۆ نوسینەوەی مێژوو  , کام دیو ڕاستە ئەوە دەخەنە بەردەست خوێنەران , بەمەش مۆرکی خۆیان بە مێژووەوە دەنێن . بۆیە هیوادارم ئەوانەی مۆرکی خۆیان ناوە بە ڕوداوەکانەوە لە چەند دەیەی ڕابردودا , کە مێژوویەکی پڕ ڕوداوی گەرم و چارەنوس ساز بووە بۆ کورد , بێدەنگی هەڵنەبژێرن و دەست کەنە نوسینەوەی بیرەوەرییەکانیان , تا نەوەی داهاتوو ڕوداوەکان لە زمانی ئەوانەوە بخوێنێتەوە , بەم کارەیان دەتوانن خزمەتێك بە دۆزی کورد بکەن و ڕوی ڕاستی ڕوداوەکان بۆ جەماوەر دەربخەن . ئەمەش هەنگاوێکە بۆ ڕێگە گرتن لەوەی مێژوو تەنها دەسەڵاتداران لە خزمەت خۆیان بینوسنەوە , لە کاتێکدا ئەگەر ڕاستگۆیانە ئەو مێژووە بنوسرێتەوە , ئەوا  مێژوو لە مێژوی خۆیدا , ڕەحم بە دەسەڵاتداران  ناکات و شوێنێکی باش ناگرن تیایدا .  پەرتوکی قەندیل بەغدای هەژاندی  شەهید ڕێباز , هەرچەندە بە شێوازێکی سادە نوسراوە و هەندێك هەڵەی مێژوویی ئاشکرای تێدایە و بە ئاشکرا دەرە کەوێت نوسەر لایەنگیری لە لایەنێکی سیاسی دیاریکراو دەکات , بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاستگۆیانەو نەترسانە قسە دەکات  , پەنجە لەسەر زۆر ڕوداوی مێژویی دادەنێت  , ئەوا هەڵەکان پەردە پۆش دەکات و دەیکاتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ نوسینەوەی مێژووی ڕوداوەکان لەو چەند ساڵەدا  , ئەوەی من بەلامەوە گرنگە لەم ووتارە ئەو زانیاریانەیە لەسەر کارەساتەکانی هەڵەبجەو ئەنفال پێمان دەبەخشێت   .  ئەو کارەساتانەی باسی قۆناغێکی مێژووی گەلی کورد دەکات کە بەخاڵی وەچەرخانی مێژووی دادەنرێت  . ئەو ڕوداوانەی کاریگەرییان لەسەر چارەنوسی گەلی کورد تا ئێستا داناوە , لە  داهاتووشدا کورد بەهۆی دەرکەوتنی ئاستی قوربانییەکانی , هەر بەری ئەو قوربانییانە دەخوات کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکان بەرەو ڕوی بووەوە , دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی کورد بۆنی گازی کیمیاوی و ئێسکی ئەنفالەکان و کەلاوەی ئاوارەکانی لێ دێت نەك گڕی گولەی پێشمەرگە و فسکە فسکی سیاسییەکان و نەرە نەری بێژەرەکان  . قسەکردن لەو ڕوداوانەو خوێندنەوەی سەر لە نوێیان  زۆر پێویستە بۆ گەلی کورد , کە تا ئێستا وەك مەحرەمێك سەیری کراوە    , ئەگەر ئێمەش بە ترسەوە قسەی لەسەر بکەین ,

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوە پەرتوکی عێراق و تاوانی جینۆساید بەشێکی زۆری ئەوانەی لەژێر بەرەن هێناوییەتی یە سەر سفرەو دەرخواردی خوێنەرانی دەدات , تەنانەت بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش بلاوکراوەتەوە , ئیتر بۆ ئەبێ تەنها بۆ ئێمەی کورد مەحرەم بێت لێکۆلێنەوە لەسەر ئەو ڕوداوە تراژیدیانە بکەین , کە ئازیزانمان تیایدا بونەقۆچی قوربانی , لە هۆو هۆکارەکانی بکۆلێنەوە .

شەهید ڕێباز لەم پەرتوکەدا لە بەشی دووەمیدا بە زمانێکی سادە بەلام قولڵ هۆکاری ئەنفال باس دەکات و پەنجە لەسەر نەخۆشییە ناوخۆییەکان دادەنێت , ئەو جینۆسایدکردنی کورد دەباتەوە سەر چەند هۆکارێك , بە بڕوای ئەو بریتیین لە :-

-سروشتی دڕندانەو شۆفینیستانەی بەعس .

-هاوکاری هەندێك حیزبی کوردستانی و ئێران .

-چالاکی هاوبەش لەگەڵ ئێران و کردنی کوردستان بە بەرەیەکی شەڕی ئێران -عێران.

-کارو کردەوەی هەندێك لە لێپرساوان , کە سەرچاوەی زەرەرو زیانی مادی و بەشەری زیاتر بوون .

دیارە هەریەکێك لەو هۆکارانە دەکرێت بە درێژیی لەسەریان ڕاوەستین و نموونەی زیندووی لەسەر بهێنینەوە , هەرچەندە بەرپرسانی سەربازی و سیاسی ئەو کات , بە داخەوە جورئەتی ئەوەیان نییە لەسەر ئەو ڕوداوانە زانیاری پێویست بدەن . خوێندنەوەی دروست بۆ کارەساتەکانی ڕابردوو هۆکاری بە کەڵکە بۆ دووبارە نەبونەوەی تراژیدییەکان لە داهاتوودا , بۆیە پێویستە بۆ دوبارە نەبونەوەی ڕوداوەکان لەو کارەساتانە بکۆلێنەوە نەك بۆ دادگایی ئەوانەی لە گەلحۆیی خۆیانەوە هەڵەی سیاسی وایان کردووە بە زیانی گیانی هەزاران مرۆڤ تەواو بووە . هەرچەندە سیاسییەکان لە ئەنجامی هەڵەی بچوکەوە دەبێت فێری ئەوە بن ئیستقالە بدەن لە کاری سیاسی , ئیتر ئەو هەڵانە کارەساتی گەورەشی لێکەوتبێتەوە جێی خۆیەتی قسەی لەسەر بکەن و داوای لێبوردن لە گەل بکەن .

با بزانین نووسەر چۆن لەو هۆکارانە دەکۆلێتەوەو دەستنیشانی کەم و کورییەکان دەکات و قامکییان لەسەر دادەنێت .

سروشتی دڕندانەی بەعس :-

دڕندەیی بەعس بۆ جەماوەر و تێکۆشەرانی خوارەوە کە ڕاستەوخۆ تەماسییان لە گەڵی هەبوو پێش کارەساتە جەرگبڕەکانی 1988 ڕون و ئاشکرا بوو , بەلام بەرپرسە بالاکان ئەزموونی تالییان تاقی نەکردبووەوە لەگەڵ بەعس و نایان توانی دەست نیشانی ئاستی دڕندەیی و دڵ ڕەقی بکەن , بۆیە پاش هەرەسی هەموو جەمێکی گفت و گۆ جارێکی کە دەگەڕانەوە سەر سفرەکەی. نوسەر لەبەر ئەوەی لە ناو جەماوەردا بوو , ماهییەتی دڕندانەی بەعسی ناسیوەو زانیوییەتی بەرامبەر چ دڕندەیەك خەبات دەکات , نەزانی ڕابەرایەتی ئەو پارتە سیاسییانە لەوەدا بوو ئەورژێمەی دژی وەستابونەوە بە تەواوی نایان ناسی , یان ناسیوییانە بەلام بەرژەوەندییان لە خۆگێل کردندا بووە .

نووسەر بەم شێوەیە دەست نیشانی ئاستی دڕندانەی بەعس دەکات (پاش لێدانی کەرکوك تێکۆشەرێکی کوردستانی ئێران لە کەرکوك چاوی بە عەلی حەسەن مەجید دەکەوێت (ئەو کاتە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس بوو لە کەرکووك و هەولێر و دهۆك و موصل), داوای ئەوە دەکات دەست هەڵبگرن لە چۆلکردن و وێرانکردنی لادێیەکانی کوردستان , لە وەلامدا عەلی حەسەن مەجید دەڵێ: لە مێژ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ساڵە سەرکردایەتی شۆڕش (مەبەستی بەعسە) ...!! پلانی گواستنەوەی گوندەکانی داوە , ماوەیەك لەبەر شەڕی ئێران دوامان خست , لێدانی کەرکوك وای لێکردین پەلە لەو مەسەلەیە بکەین ..!!؟؟). تەعریب و ڕاگواستن و چۆڵکردن مێژووی لەوەو پێشی هەبوو لە کوردستان , بەڵام بەشێوەی لەسەر خۆو بە پرۆسە ئەنجام دەدرا , واتە مەرگی لەسەر خۆی نەتەوە , بەڵام لێدانی کەرکوك بەهانەی پەلەکردنی بۆیان ڕەخساند , چەند ڕۆژ دوای ئەو چالاکیە هەموو لادێکانی کەرکوك تەختکرا , ئەوەی ڕژێم دەستی پێ گەیی لەو کاتەدا .

پەیوەندی لەگەڵ ئێران:

کاتێك هەندێك لە حیزبە کوردستانییەکان پرۆتۆکۆڵی کاری سەربازی هاوبەشییان لەگەڵ ئێران بەست , لەوە بە دواوە ڕژێم سەیری کوردستانی وەك بەرەی پشتەوەی شەڕی عێراق–ئێران ناکرد , بەڵکو کوردستان بۆ خۆی بووە بەرەی پێشەوەی شەڕی کۆنەپەرستانەی عێراق –ئێران . سەرکردایەتی کورد هەستی بە ئاستی مەترسی کردنی کوردستان بە بەرەی شەڕ نەکردبوو , هەموو کورد یاخی ببونەوە لە بەشداری کردن لەو شەڕەو بە کۆمەڵ فیرارییان کرد لێی , بەڵام سەرانی کورد شەڕەکەیان هێنایە سەر جێگایان , ئێستا کورد بە دەستی خۆی ئاگری شەڕەکە دێنێتە ناو ماڵ خۆیەوە , ئاگریش بهێنرێتە ناو ماڵەوە بێ زیان تەواو نابێت . با پێکەوە سەیر کەین و بزانین کاك ڕێباز چۆن دەستنیشانی ئەم مەترسییە دەکات , کە هەڵکەندنی گۆڕی خۆ بوو بە دەستی خۆیە , تەنها جەماوەر نزیك 200هەزار لە ڕۆڵەکانی خۆی لە دەست دا تیایدا, بەڵکە ئەو هێزانەی کە پرۆتۆکۆڵی ئەو هاوپەیمانییەتەشییان کرد , بۆ خۆشییان بونە قۆچی قوربانی ئەو پرۆتۆکەڵەی بە پەنجەی سەرکردەکانییان مۆر کرا , دوای ئەنفالەکان تەنها گوندی شێنێیان لەسەر سنور بۆ مایەوە , پاشان بێئەقڵی سەدام و ئاگربازییەکانی لە کوەیت و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان هێنایانییەوە .

(حکومەتی عێراق دەیزانی ی ن ك دۆستی ئێران نی یە , بۆیە هێزەکانی خۆی زۆر سەرقاڵ نەدەکرد بۆ گرتنەوەی هەندێ شوێن کە دەبووە مایەی زەرەرو زیانی زۆر بۆ خۆی کەچی پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران گرێ دا , ناچار بوو هەندێ هێز لە ناوچە گرنگەکانی شەڕی عێراق–ئێران بگوازێتەوە کوردستان و پەلەی کرد لە گرتنەوەی سنوورەکان و بووە هۆی شەڕێکی ڕوو بە ڕوو لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کە بە ڕاستی قازانجی نەبوو ).

ئەوە نەبوو کورد ماهیەتی ئێران نەنەناسیبێت , بەڵکە دوای هەموو ناسینێکی زیاتری جارێکی کە هەڵەکانی دوبارە کردۆتەوە . ئێستاش خەتتۆکەی هێزە شیعەکان , هەمان ئەو هەڵەیە شەهید ڕێباز باسی کردووە , لە پەیوەند بەمەوە دەنوسێت ( مێژووی پەیوەندی شۆڕشەکانی کوردستانی خواروو (عێراق) لەگەڵ ئێرانییەکان , مێژووییەکی دوورو درێژە , بە درێژایی ژیانی کورد ئێرانییەکان هەر لە پشتەوە خەنجەریان لە میللەتی ئێمە داوە . تاقیکردنەوەکانی دوورو نزیك ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کەچی ئەوەی جێگای پرسیارە , بۆچی شۆڕش و سەرانی میللەتی کورد حەز دەکەن پەیوەندی لەگەڵ ئەو جۆرە دوژمنە زەبر وەشێنە ببەستن ؟).

پاشان نووسەر بەم ترس و گومانەوە مامەڵە لەگەڵ هێنانی سوپای پاسداران دەکات بۆ کوردستان و دەنووسێت :(( سەیرێکی کاك .......م کرد و ووتم بە ڕاستیتە لە کەرکوك دەدەین .. ووتی بۆ ؟ هەمووی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەسوتێنین , عێراق بە ساڵێك ناتوانێ ئەو خەسارەتە پڕ بکاتەوە ...؟! دیسان پێم ووت ئەی میلەتی خۆمان ؟ باشە ئەو گوندانە باشە خەڵکەکەی , حکومەت دڕندەیە هەرچی لەدەست بێت دەیکات.....). با بزانین کاك محەمەد حاجی مەحمود چۆن باسی مۆرکردنی پڕۆتۆکۆلی نێوان سۆسیالست و ئێران دەکات . گرنگترین هۆکار بۆ مۆرکردنی ئەو پرۆتۆکۆڵە وەرگرتنی پارەو چەکە , ئەو پارەو چەکەی دوای سەری 5٪ کوردی خوارد (لە 14-11-1987 کاك ڕەسوڵ و کاك شێخ محەمەد شاکەلییان هێنایەوە سەر ملە خۆرد و بە جیهاز بە منیان وت هەموو شتمان تەواو کردوەو ئێوەش دەستی پێبکەن , ووتم وەرتان گرتووە ئەوەی بە منیان ووت(200) کلاشینکۆفیان وەرگرتبوو لەگەڵ دۆشکاو فیشەك و میزانیەیەکی مانگانە بۆ حزب کراوە من وامزانی شتی باشیان کردوە بەلام وا دیاربوو نەیان کردبوو خاڵێکی لاوازی ڕێککەوتنەکە کە ئەگەر پاسدارێك پێشمەرگەی سۆسیالست تەسلیم بە عێراق کردەوە شەخسی سکرتێر بەرپرسیارە واتە کاك ڕەسوڵ لەسەر پاسدارێك پێویستە بگرترێت و سجن بکرێت لە باتی ئەوەش نەدەبوو من زۆر ڕەخنەم لێ گرتن و ئەو بڕیارانەی بۆ ئازوقەو مالیە و هەموی وەك پێویست نەبوو بەڵام مانگانەی ئازوقەو پارەو چەك و سیارەیان بڕیبووەوە ), 2.

ڕژێمی ئێران تەنانەت نرخی بۆ سەرانی کورد دانەناوە لەو پرۆتۆکۆڵانەدا , وەك دەبینین سەرۆکەکان ڕاستەوخۆ کەفالەتی ئەو پاسدارانەیان کردووە لەیەك ئاستدا داندراون .

پاشان شەهید ڕێباز بە ووردی مەبەستی هاتن سوپای ئێران بۆ کوردستان ڕون دەکاتەوە و دەنوسێت ( ئێرانییەکان لە کاتی هاتنییان بۆ ناوچەکانی کوردستان هەر بەوە ڕازی نەبوون زانیاری لەسەر هێزەکانی بەعس کۆبکەنەوە , بەڵکە هەوڵیان دەدا سیخوڕ و جاسوس پەیدا بکەن لە ناوچەکە , بەهەزاران فرت و فێڵ خەڵکیان بۆ خۆیان دەکڕی , هەندێك کەسی وا دەهات پیاو شەرمی دەکرد لە مەجلیسی دا دابنیشێ , کەچی دەبوایە زۆر ڕێزی لێ بگیرێ گوایە پشتگیری گەلی کورد دەکەن , لە ڕاستیيدا بۆ شکاندنی پشتی شۆڕشی کورد هاتبوون ).

نوسەر زۆر ڕاشکاوانە قسە دەکات و ئەوەی شاراوەیە بە بێ گوڵ ئاشکرای دەکات , ئاکامی هێنانی سوپای ئێران بۆ ناو کوردستان و ئەنجامدانی چالاکی سەربازی هاوبەش لە نێوان ڕەزمەندگانەکانی قەرارگای ڕەمەزان و پێشمەرگە بەم شێوەیە باس دەکات :(( لەوێ** مەبەستی پاش لێدانی کەرکووکە** بیرم کردەوە , ڕژێم ئەم تۆڵەیە لە جوتیارە هەژارەکان دەکاتەوە , گوندەکانییان دەسوتێنن , خەڵکەکەشی ئاوارەو دەربەدەر دەکات ) زیاتر دێتە قسەو بەردەوام دەبێت لە نووسینی بابەتە حەرامکراوەکان و لە بڕگەیەکی کەی یاداشتەکەیدا دەڵێ (بۆ بەیانی ** مەبەستی پاش لێدانەکەی کەرکووکە** ئێزگەی تاران بە زمانی فارسی کردییە هەڵلا و مۆسیقای عەسکەری لێدەدا ووتی : ڕۆڵەکانمان لە –ڕەزمەندگانی ئیسلام– توانییان کۆمپانییای نەوتی کەرکووك خاپوور بکەن , بەڵام ئێران زۆر بێ شەرمانە ئەو چالاکییەشی بەهی خۆی دایە قەڵەم و حاشای لە دەوری پێشمەرگە کرد تیایدا , کە دواجار کورد باجەکەی بە خوێن و ماڵوێرانی دا ) ( لەو چالاکییەدا تەنها 100 پاسدار بەشداریان کرد ئەویش وەکو (فەنی) لە کاتێکدا 2500 پێشمەرگەی کوردستان ئازایانە هێرشییان بۆ شوێنە گرنگەکان کرد و چەندین ڕەبایەو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەربازگەیان گرت )...( جەماوەری گەلەکەمان زۆربەیان بەچاوی گومان و ترسەوە سەیری ئەو چالاکییەیان دەکرد (...) .

با لە زمانی کاک محەمەد حاجی مەحمودەوە گوێ بیستی ئەم چالاکییە هاوبەشانە بین و بزانیین چۆن باسی چالاکی زەفەری سێمان بۆ دەکات و دەنوسێت – ئێمە لەسەر قسەی ئەوان لە ڕۆژی 14-11-1987 پێشمەرگەمان بۆ هەموو جێگاکان و گولە تۆپ(20) تراکتۆر کەوتە کێشانی و شارایەوە لەو ناوە من خۆم ڕۆیشتمە ناوتاق کە زاڵە بەسەر دەربەندیخان و جادەی زەراین دەربەندیخان و دۆڵی کانی سارد و چەمەرگەو جادەیەکی تازەی عەسکەری لێ درابوو لە سەروی کونەکەوە (تۆنێلەکە بۆ هەسنکاری , شەوی 14-15 لەو گوندانەی هەردوو دیو دابەش بوین , لە 15-11-1987 زۆری مەسئولینی دەوڵەت و پاسداران و بە مەسئولی یەکەمی پاسدارانەوە لەسەر ملەخورد چاوەڕێیان دەکرد هەر لەوێ لە پێشەوە بە جیهاز (3) جار اللە اکبرو بە ناوی زەفەری(3) وە لەگەڵ یەکەم قسەی ئەوان و یەکەم هاوان و تۆپ و ڕاجیمەش لێرەوە دەستی پێکرد و پێشمەرگە بە بێ کەی سی سەرجادەی دەربەندیخان زەراین و کونەکەیان بڕی لە سەعات (3) ی پاش نیوەڕۆوە ئێمە لە ناو تاق و چەمەرگەو کانی سارد و تەواوی ناوچەکە پێشمەرگەی پێگەیشت و لە هەموو لایەکەوە چەکی پێشمەرگەی پێگەیشت و ئاگرباران کراو مەعەسکەری گەورەی دەربەندیخان بوو بە یەك پارچە ئاگر دوو کاتیۆشامان لە نێوان ئیمام قادر و چەمەرگە دانابوو خەڵك نزیك بوو لە ناو شار بدەن نەمان هێشت هەموو خەڵکی دەربەندیخان هاتە سەر خانو بان و سەیری ئەو مەعەسکەر و شەڕەیان دەکرد ڕژێم دوای نیو سەعات لە شوێنەکانی کەو تۆپخانەکانیەوە کەوتە تۆپ بارانی کوێرانە بەڵام ئێمە بڕیاری هێرشمان نەبوو هەر لێدان و گەڕانەوە بوو بەڵام کوژراوو بریندارو هەندێك گیراو هەبوو تا تاریکی کرد هەر لە ڕژێم دراو هەلیکۆپتەری هەڵساندبوو بەڵام هیچی پێ نەکرا .. ) 3.

ئەگەر هەموو تاوانی ئەنفالەکان ببینەوە سەر سروشتی دڕندانەی بەعس و چالاکییە هاوبەشەکانی ئێران , لەگەڵ ژمارەیەك لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان , ئەوا هەندێك جار , هەندێك لە کارو کردەوەی بەرپرسەکانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان , هەندێك جار ئاگاهانە و هەندێك جار لە نەزانییەوە دەیان کرد , بە زیینی جەماوەر تەواو دەبوو و ژمارەی قوربانییانی زیاترە کرد , جەماوەرییان وەك بەربەستی مرۆیی لەبەردەم هێرشەکانی سوپا بەکار دەهێنا , ئەم کردارە لە زۆر ناوچەی کوردستان ئەنجام دراو دوبارە کرایەوە . **(لێپرسراوی ناوچەکە کاك ...... ڕێگای نەدابوو خەڵك ناوچە چۆڵ بکات و پێشمەرگەکەش توانای بەرگری کردنی نەبوو , نازانم ئەو برادەرە تێکۆشەرە بە چ هەقێك ڕێگای لەو خەڵکە خەڵکە گرت و تووشی ئەو کارەساتەی کردن , گەرچی لە هەموو کۆبوونەوەکان پێشمەرگەو کادیرەکان داوای سزادانی ئەو برادەرەیان دەکرد , ئەو برادەرەو ئەو لێپرسراوانەی لە هەڵەبجە کاری ناجوامێرانەی دوور لە ڕەوشتی پێشمەرگەیان ئەنجامدا پێویستە بۆ کۆمەڵانی خەڵك دەستنیشان بکرێن تا ڕەش و سپی لێك جیابکرێنەوە , بەڕاستی ڕێگا گرتن لەو خەڵکە تاوانێکە مەگەر بەعسیەکان لە دەستیان هاتبێ ) .**

ڕێزدار مەلا شاخی وەك شایەد حاڵێکی کە لە ناوچەیەکی کەی کوردستان چۆن باسی ئەم ڕێگرتنە لە جەماوەر دەکات (سەرلەبەیانی ڕۆژی 3-5-1988 لە سەر داوای (مامۆستا باپیر) لە بینایەی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قوتابخانەکەی گوندی (پەلکانە) لە ماڵی (وەستا سابیر) کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا , بە مەبەستی شیکردنەوەی بارودۆخ ومەسەلەی خۆسازدان و بەرنامە دارشتن بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەر هێرشێکی چاوەروانکراو بۆ سەر سنورەکەمان .

لەو کۆبونەوەیەدا ... رەخنەی ئەوە لە بەندە گیرا ... چۆن سەربەخۆ مۆڵەتی هەندێ خێزانم داوە کە کۆچ بکەن بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی رژێم ! ؟ منیش لە وەلامدا گووتم:

(بەلێ پسوولەم بۆ چەندین خێزان کردووە , ئێستاش پەشیمان نیم , هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم رێگا لەکەس بگرین , پێم باشە لەم کۆبونەوەیەدا بریار بدرێ ... هەڤالان بەسەر ناوچەکەدا دابەشبین , داوا بکەین هەرکێ دەستی چەك دەگرێ , ئامادەی بەرگری هەیە ,با پەیوەست بێ بە هێزی پێشمەرگەوە , کێش ناتوانێ با لەگەڵ ژن و منال و پیرو پەککەوتەکاندا بە خۆبکەون و خۆیان رزگار بکەن ...)4 • بەرێز مەلا شاخی باسی هەمان ئەو رۆژە دەکات کارەساتی گۆپتەپە قەوماو بۆ سبەی رۆژ ئەنفالی چوار ئەنجام درا , لە جەرگەیدا لانی کەم 4167 کەس بونە قوچی قوربانی 5.

هەمان کارەسات لەیەکەم چرکەوە تا چەند مانگ دوای تەواو بوونی بۆخۆم لە ناوچەکەدا مامەوە شایەدی ئەوەم لەوانەی بوونە قۆچی قوربانی ژمارەیەکی زۆرییان لە رێی خۆ دەرباز کردن گەراندیانەوە بۆ ناو مەرگ , تەواوی دەروازەکان لە خەلگ گیرابوون , خەڵکی گردخەبەر یەکێك بوون لەو نموونەیە . سەرهەد تۆفیق هاوولاتییەکی گوندی بۆڵ قامیشە و لەو کاتەدا پێشمەرگە بوو هاوسەرەکەی و چوار منالەکەی بە دیل گیران لە ئەنفالی چوار , باسی ئەوەی بۆ کردم ژن و منالەکەی لە کاتێکدا دەیان ویست خۆیان دەرباز کەن گەراندبویانەوە نەیان هێشتبوو برۆن بۆ تەکییە . بەرێز عەلی بچکۆل زەمیری ئازاری دا پاش ئەوەی رووداوەکان ناوچەی ئەنفالی 4 , کە ئەو بەرپرسی یەکەمی بوو , ئەو هەموو زیانەی لێکەوتەوە , ویستی پەنجەرەیەك بچوك لە دەروازەی ئەم لایەنە بکاتەوە و رەخنەیەك نەرم بگرێت و دان بە هەڵەدا بنێت , بەلام خۆی لە پاکستان بینییەوە .

ئەگەر سەرجەم لێپرسراوان ئەم هەلوێستەو شایەد حالەکان بەم جورئەتییەوە یاداشتەکانی خۆیان بنوسنەوە ئەوا دەتوانین خوێندنەوەیەکی دروست بۆ کارەساتی ئەنفال و هەلەبجە بکەین , خالە لاوازەکانی دەست نیشان کەین و چارێك بۆ نەخۆشییەکەی بدۆزینەوە .

سزا دانی گەلێك لە پای هەلەیەکی سیاسی لایەنێك یان چەند لایەنێك ئەنجامییان داوە تەنها کاری فاشیستەکانە , تاوانباری یەکەمیش لەو کارەساتانە بەعسە , بەلام هاوکات دەبێت هەلەکانیش بزانین کە هەندێکییان سیاسین لایەنی سیاسی ئەنجامی داوە بە بەستنی پرۆتۆکۆلی سەربازی لەگەڵ ئێران و کردنی کوردستان بە بەشێك لەبەرەی شەری عێراق – ئێران , هەندێکی کەشی ئاکامی دلرەقی هەندێك بەرپرس و گێلی هەندێکی کەیانە رێگای دەربازبوونییان لەو خەلکە گرتووە لە ئەنجامدا ئەو ژمارە زۆرە بونە قوربانی .

نازانم بەرپرسانی سەربازی و سیاسی ئەو کات دەتوانن و بەرژەوەندییەکانییان رێگەیان پێ دەدات وەك شەهید رێباز بە نوسینەوەی یاداشت و ئەزمونەکانییان ئەو شانازییە بۆ خۆیان تۆمار بکەن هەندێك راستیمان بۆ دەرخەن ؟؟ .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## سەرچاوەکان

1–ئەنفال و پەرتووکی قەندیل بەغدای هەژاند –عەلی مەحمود محەمەد , ڕزگاری ژمارە 31 بەرواری 1–5–1996 .

2–ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك –محەمەد حاجی مەحمود–بەشی سێ –ل69.

3–هەمان سەرچاوە ل69–70 .

3– ئەنفالی خاڵخاڵان – مەلا شاخی–2001–ل111.

4– هەمان سەرچاوەی 3 ل225 .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com